# بارگۆڕینی فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(١ - ٢)

١- دوور نییە هەر لە سەرەتاوە ناوونیشانەکە چەند پرسیارێک لە مێشک و ناخی دەروونددا بورووژێنێ و وەڵامەکانیان وا بە سووک و ئاسانی نەدرێنەوە:

- مەبەست لە بار گۆڕینی فەلسەفە چییە؟

- ئەو گۆڕانە کە خەسڵەتی باری بە بەردابڕاوە، ئاماژەیە بە چی؟!

- ئەگەر فەلسەفە باربگۆڕێ، جا ئیتر ئاراستە، میتودە، یان کەرەستەی توێژینەوە، بێ فەلسەفە دەمێنێ؟

- ئایا ئەو بارگۆڕینە ئامرازە، یان ئامانج؟!

- بۆ دەبێ فەلسەفە باربگۆڕێ؟ ئایا ئەو بارگۆڕینە ئەنجامێکی پەرەسەندنی کولتووری کۆمەڵگا بووە، یان بە تۆبزی، ناچاری ئەو دۆخ و ڕەوشە کراوە؟!

- دەبێ چ ئەنجامێک لەو بارگۆڕینە چاوەڕوان بکرێت؟!

لە دوای مردنی هیگڵ (١٧٧٠- ١٨٣١ز) دوو دیاردە، وەک لە بەرهەمە فەلسەفەییەکانی ئەو سەردەمەدا دەرکەوتووە، سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە:

**یەکەم:** شکست هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان لەبەردەم ئەو هێرشە نەپساوانەی ڕابەرانی فەلسەفەی مەتریالیستی بردوویانەتە سەری.

**دووەم:** جارێکی تر سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە لە زانکۆکانی ئەڵەمانیا بە سایەی ئەو کۆششەی پرۆفیسۆر هیرمان فۆن هێلمهۆلتز و پرۆفیسۆر ئیدوار تسیلەر کردوویانە.

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، کە ڕێگای ڕوونکردنەوەی ناوونیشانی ئەو بابەتە خۆش و تەخت دەبێ، وای بە پێویست دەزانین لە سەرەتاوە، پشت ئەستوور بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی فەلسەفەی ئەو

سەردەمە، سەرنجێک لەو ڕەوش و دۆخە هزری و زانستی و کولتوورییەی سەدەی نۆزدە بدەین کە هەرسێک دیاردە تێیدا سەرئاوکەوتوون:

– شکست هێنانەکە و سەرهەڵدان و بارگۆڕینەکە، ئینجا هەروەها بۆ ئەوەی لە سەرەتا و دەستپێکەوە دەربارەی بابەتەکە، کە خۆی لە بەرگی کێشەیەکدا بەرجەستە دەکات، بەرچاو ڕوون بین، چۆن و بۆچی دیاردەکە، ئیتر هۆکار بووبێ، یان ئەنجام، کە لە دواییدا ڕوون دەبێتەوە، کەوتووەتەوە و یەکلایی کراوەتەوە!؟

٢- سەدەی نۆزدە، ئەوەندەی پێوەندی بە زانست و فەلسەفەوە هەیە، سەدەیەکی چارەنووسساز بووە، بنەمای ئەو کولتوور و شارستانییەتە فرە ڕەهەندە دانراوە، ڕەنگرێژکراوە کە مرۆڤایەتی سەردەم بە شانازی بە دەسکەوتەکانی شاد بووە. ئەو سەدەیە بە پەرەسەندنی شۆڕش ئاسای زانست و چەقبەستنی فەلسەفە دانراوە!

– زانستە ئەزموونییەکان بە هەنگاوی گەورە بەرەوپێش چوون، ئیتر لە میتودە و کەرەستەی توێژینەوەدا، چەند ئەنجامێکی گرینگ و بایەخداریان لێ کەوتووەتەوە، هەر زانستە بووە بە خاوەن پاوانی سەربەخۆی خۆی و دەست و پەنجەی لەگەڵ کایەیەکی تایبەتی زانینی زانستییانە نەرم کردووە: فیزیک، کیمی، بایۆلۆجی و جیۆلۆجی بە چاکترین شێوە ئەو پەرەسەندنانەیان بەرجەستە کردووە. لەلایەکی دیکەوە:

– زانینی زانستییانە بە یەکجارەکی ماڵئاوایی لە فەلسەفەی نەریتی کردووە و دەستبەرداری وردبوونەوە و ڕامان بووە و لە کار و چالاکییەکانیدا دەستی بە دامێنی بنەمای ئەزموونی- ئیمپیری گرتووە و (تەجرەبەی) کردووە بەسەر مەشق.

ئیتر بەو پێیە، لە پەرەسەندنی خێرای ئەو زانستانە و نسکۆ و شکست هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمان، دوای کۆچی دوایی ڕابەرەکەی، ساردی و ناخۆشی و گومان و باوەڕ بە یەکتری نەمان کەوتووەتە نێوان فەیلەسووف و زاناکانی ئەو سەردەمە:

زاناکان لەلای خۆیانەوە کە سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی زانست مەستی کردبوون، نەک هەر چاویان بە فەلسەفە هەڵنەهاتووە، بگرە بە چاوی گومانەوە سەیری چالاکییەکانی فەلسەفە و فەیلەسووفانیان کردووە و ئەو ناتۆرەیەیان خستووەتە پار سەنگیانەوە کە گوایە ورد و



هیوم

ڕوون نین لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیاندا و خۆیان بە بابەتی ئەوتۆوە خەریک دەکەن نەک هەر سوودی نییە، بەڵکو بێ ئەنجامن و بەهیچ و خۆڕایی دەیانکەن بە کێشە و نە چارەسەر دەکرێن، نە یەکلایی کردنەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ!

– فەیلەسووفەکانیش وەنەبێ دەستەوەستان لە بەرانبەر هێرشی ڕکابەران وەستابن و بێ دەنگ بووبن، بە پێچەوانەوە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە بایەخێکی ئەوتۆیان بە زانستە هەندەکییەکان نەداوە، بەو بیانووەی کە گوایە ئەنجامەکانیان سنووردارن! ئەو لەیەکتری دوورکەوتنەوەیەی زانا و فەیلەسووفەکان لە یەکتری و خەمساردییان، زیانی بە هەردوو لا گەیاندووە! چونکە هەر گۆڕانێکی ڕیشەیی- بنەڕەتی بەسەر زانستدا هاتبێ، بەبێ قەیدومەرج، وەک دواتر ڕوونی دەکەینەوە، بووەتە مایەی ئەوەی زانایان ناچاربن لە کەلی شەیتان بێنە خوارێ و بەنێو بنەما بنەڕەتییەکانی فەلسەفەدا قووڵ و شۆڕببنەوە. هێلمهۆلتز کە خۆی زانایەکی بەناوبانگی فیزیک بووە، لە توێژینەوەیەکیدا لەژێر ناوونیشانی «چۆن مرۆڤ دەبینێ- بە ئەڵمانی ساڵی ١٨٥٥ز» (١) بڵاوی کردووەتەوە دروشمی «گەڕانەوە بۆ سەر کانت» (٢)ی ڕاگەیاندووە، کەوابوو بۆچی بە تایبەتی بۆ فەلسەفەی کانت گەڕانەوە؟ کامانەن ئەو بیروبۆچوونانەی

فەلسەفەی کانت کە لەلایەکەوە بوونەتە مایەی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە و لە ئەنجامدا بارگۆڕینی فەلسەفەیان لێ کەوتووەتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە بەدوو ئاراستەی لە یەکتری جیاواز و لە هەمان کاتدا تەواوکاری یەکتری دەبن:

**یەکەم:** سەرنجێکی شیکردنەوەیی لە فەلسەفەی کانت دەدەین بەو هیوایەی یارمەتی ڕوونکردنەوەی بارگۆڕینەوەکەی فەلسەفەمان بدات.

**دووەم:** هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا، ئەو ڕۆڵە تاووتو بکەین کە لە ژێر ڕۆشنایی جیهاندیدی فەلسەفەی ترانسندێنتالی (کانت)دا کۆڕی ڤیەننای ئیمپیرزمی لۆجیکی لەو کایەیەدا گێڕاویەتی.

٣- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە هەموو بیروبۆچوونێک بە هەموو ڕەهەندە هەمەڕەنگ و جیاوازەکانیانەوە، بەلاوازی و بەپێزی و برشتیانەوە کۆڕپەی ئەو زەمینە و ژینگەیەن کە لە سەری و تێیدا چەکەرەیان کردووە و شین بوون و هاتوونەتە بەر، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا هەمیشە بیرمەند خۆی ڕابەر و ئاغا و ئاراستەکەرەکەی ئەو بیروبۆچوونانە و داهێنەرەکانیانە، لەلایەکی ترەوە هیچ مێژووناسێکی فەلسەفە، ئیتر بیروبۆچوونی هەرچۆنێک بووبێت و بە چ لایەکدا تەکانی دابێ، لاریی لەوە نەبووە کە ڕێبازێک نییە لە ڕێبازەکانی فەلسەفەی سەردەم لە وڵاتانی ئەوروپا ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان پۆزەتیڤ- نێگەتیڤ، ئارێ، یان بەنارێ، گەشتێکی بەجیهاندیدە فەلسەفەییە پڕ شکۆکەی ڕابەری ڕێبازی ترانسندنێتالی (کانت)دا نەکردبێ، بەڵام ئەو ڕەوشە بە هیچ جۆرێک لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە فەلسەفەی سەردەم وەنەبێ هەر تەنیا پەرەپێدانێکی ئارێ- پۆزەتیڤی فەلسەفەی کانت بووبێ! نەء، خۆ ئەگەر ئەو فەلسەفەیەی ئەو ڕێبازانەی سەردەم (سەدەی بیست و دواتر)، (کانت)یان بە ڕابەر و نموونە دانابێ و پرسیارەکانی ئەویان کردبێ بە کەرەستەی توێژینەوە، ئەوە هەڵوێستیان بەرانبەری هەمیشە شیکارییەکی ڕەخنەگرانە بووە، بە مەبەست و نیازی نوێکردنەوە و پڕکردنەوەی کەلەبەرەکان و پەرەپێدانی فەلسەفەکەی!

٤- ئیمانۆییل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) لەسەردەم و قۆناغێکدا چالاک و دەستبەکار بووە دوو ئاراستە- ڕێبازی- هزری لە دوو سەنگەردا لەبەریەکدا بوون و شیر و تیریان لەیەکتری سووە:

**یەکەم:** ڕێبازی ژیرەکی.

**دووەم:** ڕێبازی ئەزموونی- ئیمپیری لە دوورگەکانی بەریتانیاوە هاتووە.

- ڕێبازی ژیر- ژیرەکی بزووتنەوەیەکی هزری- فەلسەفە بووە، باوەڕی بە توانایی ژیری مرۆڤ هەبووە بۆ بڕیاردانی ڕاستودروست بەسەر شتداو بە ئامرازێکی سەرەکی لە پرۆسەی زانین دانراوە، ئینجا ئەو زانینە لە بارەی کاروباری ژیانەوە بووبێ، یان جیهانی دەوروبەر. ئەو ڕێبازە هەردوو خەسڵەتی ڕەخنەکردن و شیکردنەوەی لەخۆ گرتووە:(٣)

- ڕەخنەکردنی ئایین و دەزگا و دامەزراوەکانی و نەزم و سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی ئەوسا لە ئارادابوون دەستبەکاربوون.

- شیکردنەوەی زانینی مرۆڤ و بردنەوەی بۆ سەر پێکهاتە بنەڕەتییەکانی، بەو مەبەستەی بە بنەمایەکی پتەو و قایمی زانست و زانین دابنرێ.

لەلایەکی دیکەوە لایەنگیرانی ئەو ڕێبازە لەو باوەڕەدا بوون کە زانستی ژیرەکی لەتواناییدا هەیە هەموو پرسیارەکان وەڵام بداتەوە. بەو پێیە زانست ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە کە جاران لە بنەڕەتدا ئەرکی ئایین بووە! کە بریتی بووە لە دەستبەربوونی دڵنیایی و ئاسوودەیی ناخی دەروونی مرۆڤ. لەو ڕەوشەدا باوەڕ بوون بە زانست جێگای باوەڕ (عەقیدە- ئیمان) بوونی بە ڕەبی گرتووەتەوە(٤). ئەو جۆرە پەسند کردنەی زانست، ئەنجامێک بووە لەو داهێنانە کەوتووەتەوە کە زانست داویەتە دەست، لە بەرانبەر ڕەوشی ئەوسای فەلسەفەدا.

- ڕێبازی ئەزموونی ئەو ئاراستەیەی فەلسەفە بووە کە لە بەریتانیای مەزن لەلایەن جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤ز) و دیڤید هیوم (١٧١١- ١٧٧٦ز) ڕەنگی ڕێژراوە. هەر لەسەرەتاوە سەرگەرمی شیکردنەوەی پرۆسەی زانین و بردنەوەی بۆ سەر بنەما بنەڕەتییەکانی بووە. ئینجا بە جۆرێکی سەرنج ڕاکێش، ڕەخنە لەلایەن هیومەوە، لە بیرۆکەی هۆیەکی (هۆکار- ئەنجام) گیراوە، ئەو بیرۆکە- بنەمایە لە سەدەی بیست (ڕابوردوو) جارێکی دیکە لەلایەن زانا فەیلەسووفەکانەوە

(هایزنبێرگ و ڕێبازی فیزیکی ئەتۆمی کۆپنهاگن بە ڕابەرێتی نیلس بۆهر) سەرئاوکەوتووەتەوە!

– هیوم لەو باوەڕەدابووە کە چەند ڕاستییەکی بیرکاری و هەڵکەوتی (فاکتی) ئەزموونی هەیە. کاتێک دەستی بە توێژینەوەی پرۆسەی زانینی مرۆڤ کردووە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی زانین لە دوو لا بەدەر نییە، شیکارییە، یان لێکدراوە(٥): لە ئەزموون و شارەزاییەوە کەوتووەتەوە. بۆچوون لە پەی بردنی هەستەکی هەستەکانەوە پەیدا دەبێ، هەر ئەو پەیبردنە خۆی سەرچاوەی ڕاستیودروستی هەموو زانینێکی شیکارییانەیە.

– بە باوەڕی هیوم هیچ بنەمایەکی لۆجیکی پێوەندییەکی ناچاری لەنێوان هۆکار و ئەنجامدا نییە! بەڵکو دابونەریت و دووبارەبوونەوە بووەتە مایەی ئەوەی بڕوامان بە پێوەندی لەنێوان دوو شتدا هەبێت، یەکێکیان لەپێش ئەوی تریانەوە دێت. کانت دەربارەی ڕۆڵی هیوم لە جیهاندیدەکەیدا گوتوویەتی:

«بە ڕاشکاوی دانی پێدا دەنێم کە ئاگادارکردنەوەکەی هیوم چەند ساڵێک لەمەوبەر لە خەوی غەفڵەتی ئاگاداری کردمەوە و بە خەبەری هێنامەوە، بە تەواوەتی ئاراستەی توێژینەوە فەلسەفەییە تیۆرییەکانمی بەلایەکی نوێدا برد»(٦).

کانت وەک خۆی لە شاکاری «پرۆ لیگۆمینادا» گوتوویەتی، ئامادە نەبووە ئەنجامەکانی هەڵوێستە فەلسەفەییەکەی هیوم پەسند بکات، ئەو هەڵوێستەی کە زانینی لە چوارچێوەی هەستەکاندا گیرکردووە، بەڵام لەلایەکی تریەوە کۆشاوە بنەڕەتەکانی باوەڕی مەسیحییەت و بنچینەکانی ئاکاری ئایینی پشت ئەستوور بەسرووش (وەحی) بلەرزێنێ! کەچی کانت خۆی ویستوویەتی ڕەخنە لە میتافیزیک بگرێت و ئیمان و ئاکار بپارێزێ، لەو بارەیەوە بە ڕاشکاوی لە شاکاری سنوور بەزێنی «ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا» گوتوویەتی:

«پێویستە کایە و دەسەڵات و توانایی زانست سنووردار بکەم بۆ ئەوەی دەرفەتی باوەڕ– ئیمان بدەم»(٧).

بەپێی سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکان بێ و پشت ئەستوور بەو بۆچوونانەی لە نووسینەکانیدا بەرچاو دەکەون و سەرنج ڕادەکێشن، ڕێبازی ڕۆشنگەری کارێکی گەورەی لە کانت کردووە، بەڵام دواتر لەژێر باری ئەو ڕێبازە چووەتە دەرێ و ورده ورده پشتی تێ کردووە، ڕاستە ئەو هەردوو ئامرازی ڕۆشنگەری: «ڕەخنە و شیکردنەوەی» بەکارهێناوە! بەڵام خەسڵەتی ترانسندێنتالی بەو شیکردنەوەیە بەخشیوە، بەوەش لە ئاساییەکە جیای کردووەتەوە، هەوڵی داوە پێشبینییانە و پێش ئەوەی هیچ ئەزموون و تاقیکردنەوەیەک بکات، ئەو مەرجانە دیار و دەستنیشان بکات کە دەبنە مایەی ئەوەی زانینی مرۆڤ، زانینێکی شیاوەکی بێت، لە هەمان کاتدا سنوورەکان و سروشتەکەشی دیار بێن(٨)، بۆیە کانت خۆی خستووەتە خانەی کۆپەرنیکۆس و هەڵوێستە فەلسەفەییەکەی بە بارگۆڕینی کۆپەرنیکۆسی ناوبردووە، کەوابوو ئەو بارگۆڕینە کۆپەرنیکۆسییە چییە؟ لە چی و لەکوێدا کراوە؟ بە چی لە ڕێبازی ڕۆشنگەری ژیرەکی جیاوازە و جیا دەکرێتەوە؟

٥– بزووتنەوەی ڕۆشنگەری بە چەند خەسڵەتێک ناسراوە، بە تایبەتی بە هەندگرتنی ژیر و شرۆڤەکردنی چەمکی ڕاستی (حەقیقەت). ڕاستی پێکەوە گونجانی مێشک و هەڵکەوتی دەوروبەرە، ئەو دەوروبەرەی هزری مرۆڤ وێنای دەکات. هەڵکەوتێکی نامۆ و لەدەرەوەی مێشکدا بوونی هەیە، بەڵام کۆپییەکی وەک خۆی لەبەر دەگیرێتەوە و بەشێوەی وێنەیەک ڕەنگی دەڕێژرێ، ڕۆشنگەریی پشت بە هاتنەوە پێکەوە گونجانی زانین و هەڵکەوتی دەوروبەر دەبەستێ، دەخوازێ وێناکردنی جیهان بە جۆرێک بێت بە تەواوەتی لەگەڵ هەڵکەوتی دەوروبەر خۆیدا بێتەوە. جیهانی وێناکراو بە جیهانی ڕاستەقینە دەگۆڕێتەوە و هەوڵ دەدات بنەما بنەڕەتییە لۆجکییە دەستبەکارەکانی جیهانی یەکەمی وێناکراو بگەنە جیهانی دووەم(٩). پێکەوە گونجانی چەمکەکان و هەڵکەوتی دەوروبەر مەبەستە، بەڵام کانت لەلای خۆیەوە ئەو وێنە و ڕەوشەی بە تەواوەتی هەڵگێڕاوەتەوە، لە فەلسەفەکەیدا کۆشاوە ئەو بیروڕایە جێگیر بکات کە زانین سیستم و نەزمێکی ڕوخسارەکی فۆرمالییە و بیروهزر دەیخەنە نێو بۆچوونە خودییەکانەوە. ئەوەی بە «ڕاستی»– حەقیقەت– ناودەبرێ، جۆرە سروشتێکی «ناچاری و هەمەکییە– کوللییە» نەزمێکی دیاریکراو خۆی بەسەر مێشک و تێگەیشتندا دەیسەپێنێ، لەو

سەپاندنەدا پشت بە پێکهاتەیەکی ناوەکی توانایی زانین مـرۆڤ دەبەستێ. بەو پێیـە زانین توندوتۆڵ بە توانایی زانینـەوە بەندە، ئەو تـوانـایـیـــەی بەهۆیەوە دیاردە و دەرکـەوت و ڕوخـســاری دەوروبەر دەزانرێ کـە خـۆی لەخـۆیدا چۆنە، لێـرەوە کـانت ناوی کـردووەتە ژێر تەلارەکـــەی بـزووتنەوەی ڕۆشنگەری. لەو بـارەیەوە گوتوویەتی:

«فەیلەسووفەکان تا ئێستا وا ڕاهاتوون بڵێن، هەمـوو زانینێکمـان دەبێ هەر بەپێی بابەتەکـان ڕێک بخرێت، دەبا جـارێک ئێـمـە هەوڵ بدەین، دوور نیـیـە دەرفـەتی سەرکـەوتنمـان لەوان چاکتر بێ، بەپێچەوانەوە گریمانە بـکـەیـن کـــە دەبێ بـابـەتـەکـــان بـەپـێـی ژێر ڕێـک بخرێن»(١٠). کـانت لەو باوەڕەدابووە کـە پێـویسـتـە مـرۆڤ لە شـمـەکی دەوروبەردا بەدوای شـرۆڤـەکـردن و لێکدانەوەی قـانوونەکـانی مـێشکی مرۆڤدا نەگـەڕێ، بەڵکو بەپێـچـەوانەوە دەبێ لە ناو مـێـشکدا بەدوای قـانوونەکانی لێکدانەوەی بوونی بـابەتیـیـانەی جیـهـانی هەڵکەوتی دەوروبەردا بگەڕێ.

ئەگـەر هەڵوێستی هزرمـەندی فـڕەنسـایی جـان جـاک ڕۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨ز) سەبارەت بە ژێر و پێداگرتنی لەسەر ئەوەی لە کایەی ئایین و ئاکاردا هۆش و هەست لە پێش ژێری تیـۆرییەوە دێن(١١)، بخەینە سەر ئەوەی تا ئێستا گوتوومانە و چۆن بەلای (کانت)ـەوە پەسندبووە؟ ئەو پرسیـارە وەڵام دەدرێتەوە، بۆچی ڕابەری فـەلسـەفـەی ترانسندێنتالی لە پرۆسەی شیکردنەوەی توانایی زانینی ژێرەکیدا ناوونیشانی «ڕەخنەکردنی ژێر»ی بۆ کتێبەکانی هەڵبژاردووە؟

کـانت ژێری وەک ئامـرازێک خـسـتـووەتە بەردەم دووڕیانێک دەبوو بە تاقیکردنەوەیەکی سەخت و گراندا تێپـەڕێ و لێی بپـێـچرێتـەوە، پێش ئەوەی هیچ کـار و کردارێکی پێ بسپێردرێ، چونکە ئەگەر مرۆڤ لە چاکی و شـایسـتـەیی ئامـرازی کـارکـردنەکـەی دڵنیـا نەبێ، کۆششەکەی بە هەدەر دەڕوا و بە مەرەی شوێن کەوتووی کڵاوی بابردوو دەچێ!! کانت خۆی بە ڕاشکاوی پێی لێ ناوە کـە ڕاسـتە هیـوم ئاگاداری کـردووەتەوە،(١٢) بەڵام ئەنجامی توێژینەوە فـەلسـەفـییـەکانی لە هەردوو کایە و دەڤـەری تیـوری زانین و مـیـتـافـیـزیکدا پەسند نەکردووە(١٣).

٦- سـەبارەت بە تیـوری زانین، هیـوم بۆچوونەکـانی ژێری بردووەتەوە سەر ئەزموون و شارەزایی و گوتوویەتی: ئەگـەر مـرۆڤ بیـرۆکـە و بۆچوونەکـان شی بکاتەوە، بۆی ساغ دەبێـتـەوە کە بۆچوون و بیـرۆکـەکـانی مـێـشک لە تێگەیشتن لە ژێرەوە پەیدا نەبوون، کـە بە تەنیـا هەر لە سروشتی مێشکەوە نەکەوتوونەتەوە(١٤)، بەڵکو چەند بیـرۆکـەیەکن لە ئەزمـوون و تاقـیکردنەوە و شـارەزایی هەستەکییەوە دەستگیر دەبن، لێرەدا هیوم ڕۆڵی ئەزموون لە زانسـتـدا دووپات دەکاتەوە و لەوە بەگـومـان بووە کـە مێشک و تێگەیشتنی مرۆڤ تاکە سەرچاوەی پێکهاتن و دروست بـوونی بۆچوون و بیـرۆکـە ژێریـیـەکـان بێت، لەلایەکی دیکەوە دەستەواژەکانی زانینی بەسەر شیکاری و جۆرێکی دیکە دابەش کردووە، کە لە ئەزموونەوە پەیدا دەبێ. بیرکاری و لۆجیک و شیکارین، بەڵام ئەو زانینەی لە ئەزمـــوونەوە دێت لێکدراوەیی ڕووتە، ئەمـــەش وا دەگـەیەنێ کـە بۆچوونەکـان تەنیـا هەر لە پەی بردنی هەستـەکییـەوە ناکەونەوە، بەڵکو پەی بردنی هەسـتـەکی خـۆی سـەرچاوەی ڕاسـتـیـودروسـتی هەمـوو زانینێکی شیکارییانەیە(١٥) بۆیە ئەوەی مـێـشک پێشکەش بە زانیـنی دەکـات سـروشت ئاسـا لە چەند چوارچێـوەیەکی بەتاڵی بێ ناوەڕۆک بەولاوە نین، لێرەوە هیوم دەچێتە نێو پاوانی میـتافیزیک و بۆ نموونە قسە لە پێوەندی هۆیەکی (نێوان هۆکار و ئەنجام) دەکات و دەڵێ:

هۆکار شتێکە زۆرجار لەدوایەوە شتێکی دیکە دووبارە بووەتەوە (ئەنجام) تەنانەت دەرکەوتنی یەکەم وا دەکات مرۆڤ بیر لە دووەمیـان بکاتەوە، بۆیە پێوەندی هۆکـار بە ئەنجـامـەوە تەنیـا دابونەریتێـکی بیـری (هزرییـە) و ئەو ناچارییـەش کە گـوایە هەیە دراوەتە پاڵی، لەوەوە پەیدا بووە کـە خوو پێـوەگرتنەکە کە وا لە بیر دەکـات نەتوانێ نەبوونی ئەوەی بەدوایدا دێت (ئەنجـام) وێنە نەکـات، ئەگـەر ئەوی پێـشـەوەی وێناکـردبێ کە هۆکـارە! کەوابوو بنەمای هۆیەکی بابەتێکی شیکاری نییە، چونکە ئەنجام خـۆی لە هۆکـارەکـەدا بوونی نیـیـە و بەناچاریش پێـوەی پەیوەست و بەند نیــیـە. ئەو ناچارییـەی لەو ڕەوشـەدا بەدەردەکـەوێ بەهۆی خـووپێـوەگـرتنی دووبارەبوونەوەی ئەزموونەوە کەوتووەتەوە.

٧- ئەو پرسـیـارەی لێرەدا بەبیـردا دێت، هەڵوێسـتی کانت لەبەرانبەر ئەو فەلسـەفـەیەی (هیوم)دا چی و چۆن

بووە؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە وا پێویست دەکات پوختەی فەلسەفەی تراسندنێتالی ڕوون بکەینەوە و لەگەڵ ئەوەی ئەو فەیلەسووفەی سکۆتلاند بیانخەینە نێو دوو تای یەک تەرازووەوە بۆ ئەوەی بەرانبەر بن و جیاوازی و لەیەک چوون و کار و کاردانەوەکە چۆن بوون، دەربکەون.

- بیری کانت وەک پرۆسە بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

**یەکەم:** قۆناغی پێش ڕەخنە، ئەو قۆناغەیە پێش ئەوەی هەرسێک کتێبە سەرەکییە ڕەخنەگرییەکە چاپ و بڵاوبکرێنەوە.

**دووەم:** قۆناغی ڕەخنە، لێرەدا بیرکردنەوە فەلسەفەییەکەی کامڵ بووە و گەیشتووەتە چڵەپۆپە و ئەو ڕەوشە لەو سێ کتێبەدا بەرجەستە بووە:

- ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد. چ١، ساڵی ١٧٨١ز، چ٢، ساڵی ١٧٨٧ز.
- ڕەخنەکردنی ژیری پراکتیکی ساڵی ١٧٨٨ز.
- ڕەخنەکردنی هێزی بڕیار (حوکم)دان ١٧٩٠ز.

لەدواییدا، ساڵی ١٧٨٣ز توێژینەوەیەکی بەناوونیشانی: «پێشەکییەکی هەر میتافیزیکێکی دوارۆژ کە دەکرێ ببێ بە زانست» و بە پرۆلیگومینا ناسراوە، بڵاوکردووەتەوە و بە تەواوکەری کتێبی یەکەم دادەنرێ. ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرینگە، کتێبی یەکەم و پرۆلیگومینایە و هەوڵ دەدەین گەشتێکی شیکارییانە بەنێو گوڵ و گوڵزارەکانیاندا بکەین: پرسیاری سەرەکی کە لەو کتێبەی یەکەمدا کراوە و هەوڵی وەڵامدرانەوەی دراوە، گوایە دانانەکەی دە ساڵی خایاندووە، ئەمە بووە: چۆن دەکرێ میتافیزیک هەبووبێت (شیاوەکی بیت؟) ئەو مەرجە بنەڕەتییانە کامانە و چین کە بوونەکەی پێویستیان دەکات؟!

- کانت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دوو ڕەهەندەییە کۆششەکەی بەدوو ئاراستەدا کردووە:

**یەکەم:** جیاکردنەوەی زانینی هەستەکی لە زانینی ژیرەکی.

**دووەم:** دانانی بنەمایەکی پتەوی زانستی بۆ بابەتی میتافیزیک.

لە سەرەتای چاپی یەکەم ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرددا کانت گوتوویەتی:

«ژیری مرۆڤ چارەنووسێکی سەیری هەیە، لە بەشێکی چالاکی زانیندا باری سەر شانی خۆی بە چەند پرسیارێک قورس دەکات کە لە سروشتی خۆیەوە کەوتوونەتەوە، بەڵام ناتوانێ پشتگوێیان بخات، هەروەها لەتواناییدا نییە وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، چونکە هەموو سنوور و تواناییەکانی دەبەزێنن» (١٦).

بێ گومان قسە کردن لە سنووری هێز و توانایی ژیر، لێرەدا لەبەرچاوەو دیاردەیەکە لە دەرکەوتەکانی ئەگەر و گومانکردن لەوەی ئایا سوودی هەیە ژیر لەخۆیدا چۆنە و بەبێ شیکردنەوەی تواناییەکانی وەک ئامرازێکی دەستگیرکردنی زانین پەنای بۆ ببرێ و بەکاربهێنرێ و دەمانگەیەنێتە ڕاستی؟! لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گوماناوییەدا سەیر نەبووە کە کانت داوای دادگایی کردنی و پێداهەڵچوونەوەی کردووە بۆ ئەوەی لە بەرانبەر ئەو تۆمەتانەی دراون و دەدرێنە پاڵ ژیر، مافە ڕەواکانیشی بپارێزرێن، ئەو دادگای پێداهەڵچوونەوەیە لە ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد (خۆی) بەو لاوە شتێکی دیکە نەبووە، ئەمەش وا دەگەیەنێ ژیر خۆی دوو ڕۆڵ دەگێڕێ:

- ڕۆڵی دادوەر (قازی).
- ڕۆڵی ئەوەی تۆمەت خراوەتە پارسەنگییەوە.

ئەو پرسیارەی لەو ڕەوشەدا بەبیردا دێت: دەکرێ هێزێک، لایەنێک دادوەر بێ و لە سکاڵایەکدا کە ڕووبەڕووی خۆی کراوەتەوە و خۆی پێ تۆمەتبار کراوە، بڕیار (حوکم) بدات؟!

٨- ئەو ڕەخنەیەی کانت مەبەستی بووە، وەک خۆی ڕاستەوخۆ دانی پێداناوە، ئەو لایەنەی زانین دەگرێتەوە کە ژیر، بەبێ ئەوەی پشت بە هیچ ئەزموون و شارەزاییەک (خیبرە) ببەستێ، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، بەو پێیە ئەو ڕەخنەکردنە ئەو پرسە یەکلایی دەکاتەوە ئایا میتافیزیک دەکرێ ببێ (شیاوەکییە؟) سەرچاوە و سنوورەکانیشی چین و کامانەن(١٧). پێشتر قسەمان لەوەکرد چۆن دیڤید هیوم (فەیلەسووفی سکۆتلاند) لەو باوەڕدا بووە کە بۆچوونەکانی مێشک (فام) چەند بۆچوونێکن ژیر لە داتا و هاوردەکانی هەست و ئەزموونەوە بەدەستیان دەهێنێ. ڕاستە ئیمانۆییل کانت، دانی بە ڕۆڵی ئەزموون لە زانیندا ناوە، بەڵام ڕۆڵی ژیری تیۆرییانەی خستووەتە سەر و بە پێچەوانەی هیومەوە دووپاتی کردووەتەوە کە بۆچوون و بیرۆکە ژیرییەکان چەند بۆچوونێکی ژیرن و هەر لە ژیرەوە

سەرچاوە دەگرن! چونکە ئەوان پێشینەن و لەپێش ئەزموون و شارەزاییەوەن و پەکیان لەسەر ئەزموون نەکەوتووە و لەو ناکەونەوە، بۆیە دەکرێ زانین بەو جۆرە دابەش بکرێت:

– ئەو کەرەستەیەی هەستەکان هاوردەی دەکەن.

– بیر (هزر)، ئەو کەرەستەیە بەوە ڕێک دەخات کە لەنێو ئەو چوارچێوە ژیرییانە (فام) دایاندەڕێژێ کە (کانت بە چەمکە فامییەکان ناویان دەبات). لە ڕەوشی هەستەکاندا ئەو شتە هەندەکییانە (جزئي) پەیان پێی دەبردرێ کە لە کات و جێگای دیاریکراودان، بەڵام بیرۆکەی کات و جێگا بۆچوونێک، یان چوارچێوەیەکی بێگەردی پەی بردنە. هزر (مێشک) خۆی هەستی ماددەیی بە زانینی بێگەرد دەگۆڕێ، چونکە هزر خۆی لە پرۆسەیەکی لەخۆیەوەی مێشک بەولاوە نییە. کانت پێوەندی گەوهەریی بنەڕەتی نێوان زانین و وێنەی زانین دووپات دەکاتەوە. هەموو جۆرێکی زانین بە ئەزموون و تاقیکردنەوە دەست پێ دەکات، بەڵام لەنێوان ئەوەی زانین بەرهەم دەهێنێ و ئەو وێنەیەی بە بەر زانیندا دەکرێ جیاوازی هەیە؛ زانین لە ڕێی ئەزموونەوە پەیدا دەبێ، بەڵام ئەو ئەزموونە هەر خۆی بە تەنیا تاکە ڕێگای زانین نییە، دەبێ ڕۆڵی ژیر و چەمکە پێشینەکانیشی بوونیان لەو پرۆسەیەدا هەبێ.. کانت گوتوویەتی:

«چەمکەکان بەبێ سەرنجدان، بۆش و بەتاڵن، سەرنجدانیش بەبێ چەمکەکان، کوێر و نابینان» (١٨).

– ژیر لە چالاکی تیورییانەیدا، لە کایە و دەڤەری زانیندا پێشینانە هەلومەرجە ناچارییەکانی هەر ئەزموونێکی شیاوەکی دیار و دەستنیشان دەکات، ئەو فۆرمە بێگەردانە دەستەبەر دەبێ کە ناوەرۆکی ئەزموونی ماددەیی کە تا ئەوکاتە بێ ڕوخسار بووە، تێیاندا ڕێکوپێک دەکات.

لێرەوە دەرگای چوونە ناو جیهانی میتافیزیک دەخرێتە سەر پشت، ئەو جیهانەی کانت بۆچوونی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام)ی تێدا تاووتو کردووە. بە قسەی خۆی کە لەبەرەکانی بۆچوونی هیومی لەو بارەیەوە گرتووە و پڕی کردوونەتەوە، ئەو بۆچوونەی بە چەمکێکی میتافیزیک داناوە کە ئەو خۆی ویستوویەتی لەسەر بنەمایەکی پتەو و قایمی زانستی دایبمەزرێنێ.

کانت گوتوویەتی:

«ڕاستە وایە ئەوەی هیوم گوتوویەتی کە بنەمای هۆیەکی دەستەواژە و تێزەیەکی شیکاری نییە، بەڵام لە ئەزموونەوە- ناچاریی- ناکەوێتەوە و پەیدا نابێ، زانستیش بەو ناچارییە بەند و پشت ئەستوورە، هەڵوێستەکەی هیوم کە گوایە ناچاری لە خوو پێوەگرتن و دووبارە بوونەوەوە کەوتووەتەوە، وەک ئەوە وایە مرۆڤ بڵێ: میتافیزیک بوونی نییە و ناکرێ هەبووبێت! چونکە ئەو تواناییەی لەژێر زەوت کردووە پێشینانە هۆکار بزانێ» (١٩).

٩- کانت توانایی ژیری بێگەرد و شارەزایی مرۆڤی شی کردوونەتەوە و گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی بوونی میتافیزیک لەبەر دوو هۆکار ناچارییە:

**یەکەم:** هۆکاری تیورییانە.

**دووەم:** هۆکاری کردەکی (پراکتیکی).

هەر بۆیە دوو پاشکۆی بایەخداری ڕەخنەگرانەی چاپ و بڵاو کردووەتەوە:

– پرۆلیگۆمینا.

– بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار.

لە هەردووکیاندا دووپاتی کردووەتەوە:

**یەکەم:** سەرنجدان (تیوری) و کار و کرداری ژیان دەبنە مایەی ساغ کردنەوەی بوونی میتافیزیک. لەو بارەیەوە ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی ئەڵمان گوتوویەتی:

«ئەو ڕەخنەیەی لە ژیری تیوری بێگەرد گرتوومە، لە پێشەکی و دەروازەیەکی چوونە نێو میتافیزیک بەولاوە نییە.» (٢٠)

– کانت لەو باوەڕەدا بووە شارەزایی، ئەزموونی مرۆڤ هەندەکی و سنووردارە، بەڵام ژیری مرۆڤ سروشت ئاسا هەر لە زگماکەوە مەیلی بەدواداچووە و گەڕانی بە شوێن ئەو شتانەدا هەیە کە لە پشت ڕاستییەکانی شارەزاییەوەن و دەیەوێ شرۆڤەکردن و لێکدانەوەیەکی هەمەکییان (کوللی) بۆ بکات، میتافیزیک بۆ خۆی و لەلای خۆیەوە لە لێکدانەوەی هەمەکی شمەک و زانینی شت بەولاوە نییە، سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ خۆی وای دادەنی کە هەمیشە دەتوانێ ئەو شتانە بزانێ کە دەکرێ بیریان لێ بکاتەوە، لەو باوەڕەوە میتافیزیک پەیدا دەبێ!

– شارەزایی مرۆڤ، خەسڵەتی تایبەتی و خەسڵەتی گشتی هەیە:

خەسڵەتی تایبەتی دەکرێ بە سایەی تێبینی کردن و ئەزموون دەستی بۆ ببردرێ، بەڵام خەسڵەتی گشتی ئەو مەرجەیە دەبێتە مایەی ئەوەی شارەزایی مرۆڤ بە ڕاستی شایستەی ئەو ناوە بێت و ببێ بە شارەزایی، بۆیە دەکرێ مەرجەکانی کەوتنەوە و پەیدابوونی شارەزایی باس بکرێن و قسەیان لێوە بکرێ، بەڵام ناکرێ و لە توانایيدا نییە، لەوکایە و دەڤەرەدا، ئەو مەرجانە بەهۆی شارەزایی خۆیەوە پشتڕاست و ساغ بکرێنەوە، چونکە ئەوان خۆیان ئەو بنەمایانەن کە شارەزایی لێیانەوە دروست و پەیدا دەبێ. ئەو دەستەواژەیەی قسە لە مەرجەکانی شیاوەکی و بوونی شارەزایی دەکات لە توانایيدا نییە ڕاستی و ناڕاستییەکەی بەهۆی شارەزاییەوە ساغ بکرێتەوە، لێرەوە پێویستی بە میتافیزیک دەبێ و دەردەکەوێ!

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Herbert Schnadelbach: Philosophie in Deutschland. stw 401. Frankfurt am Main 1983. S.17.**

**2- Herman Von Helmholtz: Philosophie Vortrage und Aufsatze. Berlin 1971. S.76. ff.**

**3- Ernst Cassirer: Die Philosophie der AufkLarung. Tubingen 1973. S.7 ff.**

**4- Hans Reichenbach: Der Aufstieg der Wissensshaflichen Philosophie. Hamburg 1990. S.50 ff.**

**5- Fredeick Copleston: Ahistory of Philosophie. New York 1960. VOL. 5. Parat. II. P. 80.**

**6- Immanuel kant: Prolegomina Zu einer Jeden Kunftigen Metaphysik, die als Wissenschaft Wird auftreten Konnen. In Werke in 6.Banden. Bd. 3 koln 1995.**

**– ئەو شاکارەمان کردووە بە کوردی:**

**ئیمانوییل کانت: پرۆلۆگومینا و دانانی بنەماکانی میتافیزیکی ئاکار. هەولێر ٢٠١٤.**

**7- Immanuel kant: Kritik der reinen Vernunft Meiner. Hamburg 1976. BXXX. 10. S.28.**

**8- Riehl, A. Der Philosophische Kritizismus. Leip zig 1924. (3 Bde).**

**- Paulsen, Fr. Versuch einer Entwicklungs geschichte der kantischen Philosophie.**

**- Erdmann, B. Reflexionen Kants zurkritischen Philosophie.**

**- Windelband, W. Lehrbuch der Geschichte der Philosophie. Tubingen 1928.**

**9- Ernst Cassirer: Ebenda. S. 125. ff.**

**10- kant. Ebenda. B. 30. (Einleitung).**

**11- Hans Joachim Storig: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.425. ff.**

**12- kant. Ebenda (prolegomena) S.17. ff.**

**13- F. Copleston: Ebenda. VOL. 6. Part II. P. 14.**

**14- F. Copleston: Ebenda. VOL. 6. P. 80.**

**15- kant: Prolegomena...**

**16- kant: Prolegomena. Koln 1995.**

**17- kant. Kritik der erinen Vernunft. A.II. S.5.**

**18- kant. Ebenda. A.XII. 20. ff. S.7-8.**

**19- kant. Ebenda. B. 75.**

**20- kant. Prolegomena. S.20. ff.**